# ئینسان و سەربڕین

هیدایەت مەلا عەلی

عێراق و کوردوستان بۆتە قەسابخانەو قەسابەکان دەستەوتاقمی ئیسلامی و سووپای دیمووکراسی و ماڤ مرۆڤەکەی ئەمەریکایە , کۆمەڵگای عێراق لە نێوان دوو تیرۆریزم دا دەرگیر بووە لەگەڵ هەرە سەختزین هەل و مەرجی ژیان , کەسێك ئەبێت بڵێ شانسم هەیە ئەمڕۆ ملم بە شمشێری پیاوانی تەوحید و ئەنسار سوونە نەپەڕی یان لاشەم نەکرایە عەلاگەوە بەهۆی بۆردومانی فرۆکەکانی پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ,هەموومان ڕۆژانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینەری گەورەترین تاوانین کە بەرانبەر ئینسانیەت دەکرێت لێکردنەوەی سەری ئینسان بۆتە باشترین وەسیلەی دەستی دەستەوتاقمی ئیسلامی بۆ سەپاندنی بەدیلی کۆنەپەستانە لەم کۆمەڵگایە , مووشەك بارانی ئەمەریکایش بۆتە باشترین وەسیلە بۆ ساغ کردنەوەی جێگا و ڕێگای خۆی و سایە کێشان بەسەر دنیای دوای جەنگی ساردا ,بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو مەیدانەی ئەم کێشمەکێش و ئینسان کوژیەی تێدا تاقی دەکرێتەوە کوێیە کام چۆڵەوانی و کام دەشتی پان و بەرینە کە ئاژەڵیش تێیدا ناژی , بە دڵنیایەوە ئەو جێگایە ناو ژیان و کار و کاسپی خەڵکە ئەو شوێنە خوێندنگاو نەخۆشخانەو ماڵ و بەردەم گەراجەکانە , ئەو کەسانەش دەمی شمشێر و پارچەی بۆمبیان پێدەگات سەدان ئینسانن کە بە هیچ جۆرێك نەخوازیاری ئەم قەسابخانەیەن نە خوازیاری ئەم ژیانەن , لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاو هاووپەیمانە کانیەوە دەستەوتاقمی ئیسلامی بەناوی بەرگری لە ئیسلام و جێخستنی سوونەتەکانی حەملەیەکی تەواو دژی ئینسانیان بۆ سەربڕین و تۆقاندن دەست پێکردووە و لەم بارەیەوە گیانی سەدان کەس یان کێشاوە , قسە لەسەر ئەوە نیە ئەو کەسانە کێن یان چ کارەن چوونکە ئەوانە هەرکەسێکن یان هەر چۆن بیر ئەکەنەوە ژیان لێسەندنەوەیان ماڤ هیچ کەسێك نیەو تاوانێکی گەورەیە ,دەستەوتا قمی ئیسلامی دەزانن کۆمەڵگای عێراق دوو دەرگا بە ڕوویا کراوەتەوە یان کۆنەپەرستی و غەرق کردنی کۆمەڵگا لە نێو دواکەوتووی و نەزانین یان کۆمەڵگایەکی سکیولار و مەدەنی بۆیە دەیانەوێت بە فەزای سەربڕین و نمایشی ڕەزیلانەترین بەرخوورد بە ئینسان بەر بە بەرەی ڕادیکاڵی کۆمەڵگا بگرن و بەدیلی دژە ئینسانی خۆیان فەرز بکەن , دەستەوتاقمی ئیسلامی تیرۆریست لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا دەستیان بە ملی سەدان کەسدا گەشتووە و لێیان کردۆتەوە , سەرباز , ڕۆژنامەنووس, بیانی , کارمەندانی ڕێکخراوەکان , وەرگێڕ ,کورد زمان , هتد . ئەم کارانە بە تەواوی نا ئینسانی و مایەی بێزارین و دەری دەخات کە ئەم دەستەوتاقمانە دەیانەوێت کۆمەڵگا بەرەو چ چارەنووسێك بەرن وە بە ڕوونی نیشانی دەدەن ئینسان لە سایەی دەسەڵاتی ئەماندا یەك زەڕە حورمەت و کەرامەتی پارێزراو نیە ,ئەوەی بەجارێك جێگەی نارەزایەتی و بێزاری خەڵك و من و هەزاران ئینسانی پێشکەوتوخوازی عێراق و کوردوستان بوو لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم دنیایە سەر بڕینی ئەو سێ لاوە کوردی زمانە بوو کە لەسەر ڕێگای بەغداد مووسڵ فڕێنران و پاش چەند ڕۆژێك لاشەکانیان بە سەر براوی دۆزینەو { هەژار , هەڤاڵ , هەجەر } ئەو سێ لاوە بوون کە تەنها تاوانیان ئەوە بوو کەوتونەتە بۆسەی ئینسان کوژەکانەوە , هەرکەس بۆ یەك چرکە ئەو ئینسانە زەلیلانەی بەردەم ئەو تاوانبارانەی دیبێ دەزانێ ئەمانە چ تاوانبارێکن , نەك ئینسان مریشك کاتێك یەکیان لە پێشەوە سەر دەبڕن ئەوەی دووەم خۆی ئەشارێتەوە و نارەزایەتی لێ ئەباریت , ئێستا بیهێنە بەرچاوی خۆت ئینسان بەو هەموو ئیحساس و سۆزە گەورەیەوە بەو هەموو هیوا و ئاواتەی لە دڵ یایەتی یەك بەدیار یەکەوە سەریان بڕی

, چ تاوانێکه ئینسان گەورەترین سەرمایە بەقەولی مارکس , ئینسان بناغەی سۆسیالیزم بەقەولی مەنسوور حیکمەت بەو شێوەیە بە بەر چاوی یەکەوە سەربڕن و ژیانیان لێ زەوت بکەن , ئەمە ئیتر گەورەترین تاوان و ڕەشترین جۆری بەربەریەتە , من کاتێك ئەو سێ ئینسانەم بینی بەبێ هیچ دوو دڵیەك وام زانی هەر سێ براکەی خۆمە , سەیرکەن ئینسان ئەو بونەوەرە گەورەیەی کە هەموو داهێنان و پێشکەووتنەکانی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر دەستی ئەو ئەنجام دەدرێت ئاوا زۆر بەئاسانی کۆمەڵێ ئینسان کوژ لە ژیان مەحرومیان دەکەن , ئەوەی ئەم سیناریۆیە بەردەوام و گۆڕەپانی دووبارەو سەد بارەبوونەوەی بۆ خۆش دەکات بەردەوام بوونی داگیرکاری ئەمەریکاو سیناریۆی ڕەشە , ئەحزابی قەومی کورد بۆ گەشتن بە دەسەڵاتی زیاترو بردنی بەشی زیاتر لە سەرمایەگوزاری لە عێراقدا بوونە بە شێك لەم سیناریۆیە و وایان نیشانی خەڵکی کوردوستان دەدا کە بەیەکجاری ڕزگاریان دەبێت و ئیتر هەرگیز ناڕەحەتی نابینن , بەڵام لەم پرۆسە دژی ئینسانیەدا ئەوەی بۆ ئەحزابی قەومی گرنگ بوو چۆنیەتی دەست گەشتنیان بوو بە دەسەڵاتی زیاتر نەك ئەوەی ئەم پرۆسەیە چ ئایندەیەکی ڕەش لە بەردەم خەڵکی عێراق بە گشتی و خەڵکی کوردوستان بە تایبەتی دادەنێت , لە سەرو هەموو ئەمانە شەوە ئەمڕۆ ئەحزابی قەومی کورد وەك هەموو شتەکانی تر لە چەشنی ستەمی میللی ,ئەنفال, کیمیاباران , ئاوارەبوون , و هتد بەکاریان دێنێت بۆ تەقویەکردنی خۆی و زەخیرەی ڕاگەیاندن و سوار بوونی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردوستان , دەبێت خەڵکی کوردوستان باش بزانن ئەو ئیسلامی سیاسیەی دوانزە ساڵە ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان تەشریفاتیان بۆ دەکەن و وەزارەت و پارەوچەکیان دەدەنێ هیچ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ سەربڕانی ئەو سێ لاوە و سەدانی تر , ئەوەی ئەحزابی قەومی کورد ئیسلامی سیاسی بە ڕەسەن و ناڕەسەن پۆلێن دەکات کێشەی خۆیەتی و بەرژەوەندی ڕۆژیانە , ئەگینا یەکگرتووەکەی حکوومەتی پارتی و بزوتنەوەکەی پەنادەستی یەکیەتی و تەوحیدو ئەنسارو سووپای سوونە یەك شتن لە ژێر ناوی جۆراو جۆر و کاری جۆراو جۆردا , خەڵکی عێراق و کوردوستان وەك هەموو ئینسانەکانی کۆمەڵگا پێشکەووتوەکان و ئەو کۆمەڵگایانەی ئینسان وەك ئینسان دەژی هەقی ژیانی هەیەو هیچی کەمتر نیە , مسۆگەرکردنی ئەم ژیانە لە گرەوی کۆتای پێهێنانی ئەم سیناریۆ ڕەشەدایە کە ئەمەریکا و تیرۆریزمی ئیسلامی و ئەحزابی قەومی کورد و پێکهێنەرانی ئەم پرۆژە دژی ئینسانیە لەسەری پێکهاتوون , خەڵکی کوردوستان بە جیابونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی دەتوانن ئایندەیەکی ڕۆشنتر بۆخۆیان هەڵبژێرن , خەڵکی عێراق بە کۆبونەوەیان لە دەوری بەدیلی سۆسیالیستی دەتوانن بەر بە ئینسان کوژی و سەربڕین بگرن , ئەو ئەو هێزەی ئەمڕۆ لە عێراق و کوردوستان کە دەتوانێ لە هەردوو ئاستەکەدا کار بکات و وەڵام بە ئایندە وچارەنووسێکی ئینسانی بە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك بداتەوە تەنهاحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بەرەی ڕادیکاڵ و پێشکەوتووخوازی کۆمەڵگایە با ئەم حیزبە و ئەم بەرەیە بەهێز بکەین ,

سەربڕین گەورەترین تاوانە بەرانبەر ئینسانیەت

بژی ژیانی ئازاد و یەکسان

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق